The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندا

## وەڵامی نامەی ناوەندی چاک تایبەت بەهێرش و هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورکیا دەداتەوە .

لەدرێژەی کارو چالاکیەکانی ناوەندی هەلەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ( چاک)دا.لەگەڵ دروستبوون و توندبوونەوەی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورکیا دژ بە کوردستان و خەڵکی کوردستاندا،چاک نامەیەکی بەزمانی ئینگلیزی و چەند زمانی جیاجیا ئاراستەی ناوەندە جیهانیەکان وهێزو پارتەسیاسیەکانی ئەوروپاو ئوسترالیاوئەمریکا کردووەو تیایدا داواکاربووە کەتوانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆبەرگرتن بەم هێرشەوهەڵوێستبوون لەسەرکێشەی کوردو بێدەنەگنەبوون بەرانبەر بەمهەڕەشەو ڕاسترەویانەی دەوڵەتی تورک و هێزەڕاسترەوو فاشیستەکانی تورکیا .

بۆ دەقی نامەکە بە زمانی کوردی لێرەکلیک بکەبۆدەقی نامەکەبەزمانی ئینگلیزی لێرەکلیک بکە

لەوەڵام بەو نامەیەداو لەدرێژەی هەوڵەکانی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندیدا کەدۆستی نزیکی خەڵکی کوردستانن و لە 4 ساڵی ڕابرووودا دەوری زۆرگرنگیان لەگەڵ ناوەندی چاکدابوو لەمەسەلی تاوانباری هۆڵەندی فرانس ڤان ئانراتداو،ئێستاش لەگەڵ ناوەندی چاک و چەندکەسی هۆڵەندیدا خەریکی دوایین بەشی داگای ڤانئانرات و دادگای مەدەنی و کۆمپانیا هۆڵەندیاکانن و بۆ ئەومەبەستە (کۆمیتەی هەڵەبجە)یان پێک هێناوە.





پارتی سۆسیالیست لەوەڵامی چاک هۆڵەندا و لەسەر زمانی( هاری ڤان بۆمڵ) ەوە،کەیەکێک لەپەرلەمەنتاران و بەرپرسانی ئەوپارتەیە پشتیوانی خۆی بۆ ئەم داوایەی چاک ڕاگەیاندووەو لەسەربنەمای ئەوە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا (فێرهاخن) ژمارەیەک داخوازی ئاراستە کردووە،کەتیایدا دووبابەتی گرنگی باس کردووە.

1-بەهیچ جۆر بوار بەتورکیا نەدرێت کەلەشکرکێشی بەبیانووی پارتی کرێکارانەوە بکاتە سەرکوردستان و لەوبوارەوە ئەوروپا فشاربێنێ تاتورکیا ئەم کارەنەکات.

2-لەبری زمانی هەڕەشەو شەڕ زمانی گفتوگۆ بۆکێشەکان و ڕێگاچارەکان بیریان لێ بکرێتەوە.

شایەنی باسە کە(هاری ڤان بۆمڵ) لەڕۆژی خۆپیشاندانی کۆمەڵەکوردیەکان و هێزەچەپەکان کە بەبانگەوازی فێدکۆم ئامادەببوون و چاک هۆڵەندیش بەشدارو پشتیوانبوو،هاری ڤان بۆمڵ لەبەرانبەر سەفارەتی تورکیادا بۆ 3000 خۆپیشاندەر پشتیوانی لەداخوازیەکانیان نیشاندا و قسەی بۆ خۆپیشاندەران کردو **(بۆبینینی دەقی قسەکانی هاری فەرموولێرەکلیک بکە)**،وتی کەهەر لەبەیانیەوە پارتی سۆسیالیست کار بۆ ئاشتی و مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکات،دواتر پارتی

سۆسیالیست لەهەمان شوێندا بۆ نوێنەری چاک ئەوەی باسکرد کەکاربکەن بۆ پێک هێنانی پلاتفۆرمێکی کوردی و هۆڵەندی و پارتی سۆسیالیست هاوکارو بەشداردەبێت و توانای خۆی و پشتیوانی خۆی دەخاتە گەڕ.

ناوەندی هەلەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ( چاک) - کۆمیتەی هۆڵەند -

www.chak.info
chak.org@gmail.com
2007-11-5